چارەسەری توشبووان بە دەست لێوەشاندنـــی جنۆکە و شەیتان

(الرقية الشرعية)

ئامادەکردنی

یحیی ستار شێخانی

عدنان (باوکی بیلال)

پێداچوونەوەی

مامۆستا جومعە عەلی خورشید

پێش نوێژو وتار خوێنی مزگەوتی ئاشتی/ کەرکوك

پێناسەی پەرتوك

ناوی کتێب: **چارەسەری توشبووان بە دەست لێوەشاندنی جنۆکە و شەیتان**

ناوی ئامادەکاران: **یحیی ستار شێخانی** و م.**عەدنان** (**باوکی بیلال**)

شوێنی چاپ: **سلێمانی، چاپخانەی زانا**.

نۆرەی چاپ: **یەکەم** (**١٤٣٦ ك – ٢٠١٥ ز**).

لە بەرهەمەکانی ماڵپەڕی ئاشتی/ کرکوك

www.ashtyk.com

بنکەی بڵاوکردنەوەی سەرەکی سەنتەری کارزان چەمچەماڵ

بنکەکانی بڵاوکردنەوە

کتێبخانەی پێشین – هەولێر	تۆمارگای شافعی– کەرکوك
تۆمارگای شافعی – هەولێر	شنەی ئاشتی– کەرکوك
کتێبخانەی صهیب – کۆیە	کتێبخانەی الأثر– سلێمانی
کتێبخانەی دێرین – سۆران	کتێبخانەی زانستی بەسوود - کەلار
کتێبخانەی سیما –چەمچەماڵ	کتێبخانە کاروانی زانست – کفری
کتێبخانەی سوننە – سلێمانی	

پێـــــشەکـــــی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمـدلله و الصـلاة و السـلام علـى رسـول الله وعلـى آلـه وصـحبه ومـن والاه, أما بعد:

تووشبونی مرۆڤەکان بە سیحر و دەست لێ وەشاندن و چاو نەفەس حەقیقەتێکە کە قورئان و فەرموودە باسیان لێ کردووە ، هـەروەها کاتێـك کـە خـوای گـەورە نەخۆشـیەك دەنێرێـت ئـیلا چارەسەریشـی بـۆ نـاردووە، وەکـو پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێت:(**ما أنزل الله داءً إلا أنزل له دواء**) رواه البخاري.

واتە: خوای گەورە هیچ نەخۆشیەکی دانەگرتووە ئیلا چارەسەری بۆداناوە، بۆیە لەگەڵ برای بەرێزمدا (مامۆستا عدنان) هەساتین بە کۆکردنەوەی چەند فەرموودە و ئایەت و دووعایەك بۆ چارەسەرکردنی ئەو جۆرە سیحر و چاونەفەسیانەی کـە موسـوڵمانان توشـی دەبن،ئـەم ناميلکەيـەش لـە دوای ئـەوە دێـت کـە دەبـینی موسڵمانێکی زۆر تووشی سیحر و چاونەفەس و دەست لێ وەشـاندن بوونە،بۆیـە زۆرێك لە خەڵکی نەشارەزان لە دین و بێ ئارامن هەر بۆیە ڕوو دەکەنە سـاحیر و جادووگەرەکان و ئیمانی خۆیـان دەدۆڕێـنن ، وەکـو پێغەمبـەر ﷺ دەفـەرموێت: ((**مَنْ أتى عَرَّافًا فَسَأَلهُ عَنْ شَيءٍ لم تقْبَل لَهُ صَلاةٌ أربعينَ ليلةً**)). رواه مسلم(٥٧٨٢) قال الشيخ الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم : ٥٩٤٠ في صحيح الجامع.

واتە: کەسێك ئەگەر بچێت بـۆ لای جادووگـەرێك و پرسـیاری لـێ بکـات ، ئـەوە خوای گەورە چل شەو نوێـژی لـێ قبـووڵ ناکـات، ئەمـە بـۆ کەسـێکە کـە تـەنها پرسیاری لێ بکات و باوەڕی پێێ نەبێ ، خۆ ئەگەر ئەو کەسە باوەڕی پێـێ بـوو ئەوا لە ئـاینی ئیسـلام دەردەچێت پـەنا بـەخوای گـەورە ، وەکـو پێغەمبـەر ﷺ دەفەرموێت: ((**مَنْ أَتَى كَاهِنًا، أَوْ عَرَّافًا، فَصَدَّقَهُ بِمَا يَقُولُ، فَقَدْ كَفَرَ بِمَا أُنْزِلَ عَلَى مُحَمَّدٍ صلى الله عليه وسلم**)). أخرجه أحمد والأربعة، وصححه الألباني في صحيح الترغيب والترهيب برقم (٣٠٤٧) .

واتە : كەسێك بچێت بـۆ لای فالّچییەك یـان جادووگـەرێك بـاوەڕی بـەو وتانـەی هەبێت كە ئەو جادووگەرە دەیلّێت ئەوە بیّ باوەڕ بووە بەوە ئاینەی كە دابەزیوە بۆ موحەممەدﷺ.

پێویستە موسلّمان ئاگای لە خۆی بێت و عەقیدە و بیروباوەڕێكی بتەوی هەبێتو توشی هەر شتێك دەبێت خوای گەورەوە بۆی دەنێرێت ، هەر خۆی شیفای بـۆ دەنێرێت نەك ساحیر و جادووگەر و فالّچی .

ئەم نامیلكەیە كە لەبەردەستاندایە چارەسـەری ئـەو نەخۆشیانەتان بـۆ دەكـات ئەگـەر خـوای گـەورە ویسـتی لێبێـت، لێـرەدا لـە روانگـەی شـەرعەوە ئایـەت و فەرموودە و دوعاكان نەقلّ دەكەین، هەر كەسێك تووشی ئەو نەخۆشیە بوو ئەوە هەر ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز بخوێنێت بە سوودە.

كاتێك هەستاوین بە هەلّبژاردنی چەند ئایەت و سورەتێك تەنها ئەوەیـە هەنـدێك جار ئەو نەخۆشە زیاتر كاریگەر دەبێت بە گوێگرتنی ئەو ئایەت و سورەتانە وەك چەندەها نەخۆش سوودیان لیّ وەرگرتوە، بەلّكو نەخۆشی وا هەیە بـە گـوێگرتن لە هەر سورەتێك بێت لە قورئان پـیرۆز كاریگـەردەبێت ، مـەرجیش نیـە هـەموو نەخۆشێك بە گوێكرتنی ئەو سورەتانە سـوودمەند بێـت، تـەنها چـەند سـورەتێك نەبێت كە پێغەمبەری ﷺ خۆی خوێندویەتی وەك سورەتی (الفاتحة) و (المعوذتين) .... هتـد. وە چـەند دوعایـەك وەكـو (أسأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك)........هتد.

كتێبێكی زۆر نوسراوە بەلاّم زۆرێـك لـەو كتێبانـە بـەبیّ بەلّگـە شـتەكانیان نـەقلّ كردووە ، هەندێك لەو كتێبانە شتی باشی تێدایە و هەندێكیش زێدەڕەوی تێدایـە بۆیــە بــە گــوێرەی توانامــان شــتەكانمان پوخــت و كۆكردووەتــەوە و زۆریــش درێژەمان بە باسەكان نەداوە بە تایبەتی باسی جنۆكـە، چـونكە بۆچـونێكی زۆر هەیە لەو دەربارەیـەوە، وە هـەر كەسـێك ویسـتی لێیـەتی زیـاتر شـارەزا بێـت و

زانیاری زیاتر وەربگرێت ئەوە دەتوانێت سـوودمەند بێـت لـەو سەرچـاوانەی كـە باسمان كردووە،بەو هیوایەی موسڵمانان لێ سـوودمەند بـن و رزگاریـان بێـت لـە ئـازار و ئەشـكەنجەكانیان .هـەروەها لەگـەڵ نامێلكەكـەدا (CD یـەكی) لـە گەڵدایە دەتوانن سوودمەندبن و گوێی لێ بگـرن بـە تایبـەتی ئـەو كەسـانەی كـە نەخوێندەوارن یان كەسنییە (رقیە) یان بۆ بكات.

داوا كـارین لـە خـوای گـەورە ئـەم كارەمـان لـێ قبـووڵ بكـات و لـە تـەرازوی چاكەكانمان ببینین لە رۆژی قیامەت , اللهم آمین .

وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم تسليماً كثيراً .

ئامادەكاران

٢٤/رەبیعی یەكەم / ١٤٣٦ ك

١٥/١/ ٢٠١٥ ز كەركوك

پێشەکی مامۆستا جومعە عەلی

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

الحمدلله والصلاة والسلام على المبعوث رحمة للعالمين، وعلى آله وصحبه أجمعين، لە پاشان:

بنچینەو بناغەی باوەڕ باوەڕ بوونە بە پەنهانییەکان، وەك پەروەردگار دەفەرمویت: ﴿الٓمٓ ① ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ② ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ③﴾ (البقرة: ١-٣).

(غیب) پەنهان لە ڕەچەڵەکدا شوێنی نزم دەگرێتەوە کە خۆتی تێدا حەشار دەدەی، چونکە نەوەی ترە لە شوێنەکانی دەوروبەری، لەبەر ئەوە هەر شتێکی نادیار پێی دەوترێ (غَيْب).

ماهییەتەکەی ئەوەیە کە شاراوەیە لە هەستیارەکان، ئەوەی پێی ناگەیت مەگەر بە هەواڵێك.

هەروەها حەقیقەتی باوەڕ بەڕاست زانینی هەموو ئەو شتانەیە کە پێغەمبەران پێ هاتوون .... ئیمان تەنها ئەوە نیە کە باوەڕت هەبێت بە شتە بینراوەکان بە هەستیارەکان، چونکە ئەمەیان موسوڵمان و بێ باوەڕ لەیەك جیا ناکاتەوە .بەڵکو باس لە باوەڕبوون بە (غیب) پەنهانەکان، ئەوەی نایبینین و باوەڕمان پێیەتی لەبەر هەواڵی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ﷺ .

باوەڕدار باوەڕی بە تەواوی ئەو شتانە هەیە کە پەروەردگار و پێغەمبەرەکەی ﷺ باسیان لێوە کردوە , گەر بیبینن یان نا، گەر لێی حاڵی بن یان نا ، بە پێچەوانەی زندیقەکان و ئەوانەی باسە غەیبێکان بەدرۆدەخەنەوە، بە بیانووی ئەوەی کە عەقڵە کورتەکانیان ئیدراکی ناکات، ئەوەی کە زانیاریان دەربارەی نەبوو بە درۆی دەخەنەوە، عەقڵ و ژیریان گەندەڵ و پوچەڵ بوو، لە کاتێکدا ژیری موسوڵمانان ڕێپیشاندەر بوو بۆیان بۆ لای پەروەردگار .

هەڵوێستی ئیمانداری راستەقینە لە پێش شتە غەیبیەکان مل کەچ بوونە بەوەی لە قورئان و فەرموودە هاتووە، نەك بە ناو عەقڵی خۆی زاڵ بکات بەسەر دەقەکاندا چۆنی بوێت بە بێ بەڵگە و زانیاری, قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تُقَدِّمُواْ بَيْنَ يَدَيِ ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦۖ وَٱتَّقُواْ ٱللَّهَۚ إِنَّ ٱللَّهَ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ١﴾ (الحجرات: ١) .

بەشێك لە باوەڕبونمان بە غەیب، باوەڕ بوونە بە بوونی جنۆکە، کە جیهانێکی پەنهانن و دروست کراون بۆ بەندایەتی کردن بۆ الله قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ٥٦﴾ (الذاريات: ٥٦).

باوەڕدار و بێ باوەڕ، چاك و خراپیان هەیە، ئەخۆن و ئەخۆنەوە، ژن خوازی دەکەن، هەروەك چۆن لە قورئان و سونەتدا باسیان کراوە .

لەوانەیە هەندێك وا گومان ببەن کە نووسین لە بابەتی ئاوها ترسناك و هەروا ئاسانە، هەرچەند باسێکی زانستی یە و بەپەلە بەسەریدا تێپەرێت و کەمێك لە هزر وەربگرێت.

لەوانەیە بڵێن : ئەم بابەتە سوودی سنورردارە و ئەگەر نەیشیزانی زەرەرمەند نابیت، زۆر دوور ناکەوینەوە، جیهانی مرۆڤەکان ئەمرۆ ماڵ و سامانێکی یەکجار زۆر خەرج دەکەن شار و وڵاتی پێ بونیاد دەنێن، زاڵ دەبن بەسەر نەبوونی و هەژاریدا لە چەندەها شوێنی فراوان لە جیهاندا، کە چەند هەزار ملیۆن مرۆڤی تێدایە، بەردەوام هەڵپەدەکەن، لەوانەیە بگەڕێن بە دوای ئەوەی ئایە دەشێت ژیان لەسەر هەستارە نزیکەکانی ئێمە هەبێت؟, زانایان لەو پێناوەدا توانا و کۆششێکی زۆریان کردوە، وە کات و سامانێکی زۆریان لەو بوارەدا خەرج کردوە.

چ جای بە جیهانێکی زیندوی ژیر کە لەگەڵماندا دەژێن لەسەر زەوی، تێکەڵمان دەبن لە ماڵ و حاڵماندا، هاوبەشمانن لە خواردن و خواردنەوەدا، لەوانەیە کاریگەریان هەبێت لەسەر بیرکردنەوەمان، هاندەرمان بن بۆ خوێن

ڕێژی، بۆ ئەوەی عیبادەتیان بۆ بکەین، یان عیبادەتی هەر مەخلوقێکی تر بکەین و شیاوی تورەبوونی پەروەردگارمان دەکەن .

بەڕاستی ئەو زانیاریانەی کە پێمان گەیشتووە لە قورئان و فەرمودەدا لەو بـوارەدا بەسـەروەت و سـامان هەڵناسـەنگێنرێت، چـونکە نهێنییـەکانی ئـەم دروستکراوانەمان بۆ ئاشکرا دەکات، ورد و درشتی ژیانیـان، ئـەو دوژمنایەتیـەی هەندێکیان بەرامبەر مرۆڤەکان هەیانـە، ئـەو هـەموو هەوڵدانـە بـێ وچانەیان بـۆ گومڕاکردنمـان و لـەناوبردنمان، بەسـە بزانیـت چـەندە قورئـان بایـەخی بـەم مەسئەلەیە داوە .

هەرکەس ئەو دەقانە بخوێنێتەوە بۆی دەردەکەوێ ژیانی مرۆڤ هیچ نیە جگە لە ملمانێ لەگەڵ شەیتاندا .

ئەو ئینسانەی کە خوای گـەورە ڕونـاکی پـێ بەخشـیوە تێدەکۆشـی بـۆ ئـەوەی بەردەوامی هەبێت لەسەر ڕێگای خوای گەورە، وە غەیری خۆیشی بهێنێتە سـەر ئەو ڕێگایە، لەو پێناوەدا دەبێت زاڵ بێت بەسەر ئەو دوژمنەدا کە لە ناخی خۆیدا و لە ختورەی دڵیدایە، پێویستە لێکۆڵینەوە بکات بۆ ئامانجە نزیك و دوورەکـانی بە بەردەوامی بۆ ئەوەی بزانێت خۆی چەند نزیکە یان دوورە لە پـەروردگارەوە، هەروەها چەند پارێزراوە لە دوژمنەکەی کە بەردەوام لە کەمینایە بۆ ئەوەی کـە لە خشتەی بەرێت .

سەرەڕای بوونی بەڵگەی راست و دروست و ڕوون لەسـەر هەنـدێ بابـەت و بـاس دەربارەی جنۆکە و ئەوەی جنۆکە دەیکات هەر مشـت و مـڕ و قسـە هەیـە، لـەم نوسراوەی کە لە بەردەستماندایە لە ژێر ناونیشـانی (**چارەسـەری توشـبوان بــە دەست لێ وەشاندنی جنۆکە و شەیتان**) هەردوو برای بەڕێز (يحيى ستار و عدنان- باوکی بـیلال-) کۆیـان کردۆتـەوە لـە چـەند سەرچـاوەیەك و چـەند ئـەزمونێك, ویسـتویانە بەشـداری بکـەن بـە هوشـیارکردنەوەی موسـوڵمانانی کـورد زمـان و

شارەزاکردنیان و ڕوونکردنەوەی هەندێك باس كە پەیوەندی بە بـوونی جنۆکـە و شەیتان و شوێنی ژیان بەسەر بردنیان و خواردنیان و چەند نیشانەیەکی دەسـت لێ وەشـاندن و سـیحر و چارەسـەرکردنی و چـۆنێتی خۆپاراسـتن لێیـان، خـوای گەورە پاداشتیان بداتـەوە، وە هـەموو لایـەکمان بپارێزێـت لـە فێـڵ و تەڵەگـەی شـەیتان و جادوگـەران، پـەروەردگارمان بـە توانایـە بەسـەر هـەموو شـتێکدا , هەروەها داواکارم كە ئەم نوسراوە سوود بەخشبێت بۆ نوسەر و خوێنەر .

والحمد لله الذي بنعمته تتم الصالحات، وسبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لا اله إلا أنت استغفرك وأتوب إليك .

باوکی زەکەریا

جمعه علی خورشید

١٩/رەبیعی دووەم / ١٤٣٦ ك

٨/شوبات/ ٢٠١٥ ز كەركوك

كات ژمێر/ یەکی پاش نیوە شەو/ یەك شەممە

بەشی یەکەم : باوەڕبوون بە جنۆکە و شەیتانەکان
بەشی دووەم : جنۆکەخواردنیان چییە و لە کوێ دەژین ؟
بە شی سێیەم : نیشانەکانی توشبوونی دەست لێوەشاندن بە جنۆکە و شەیتان و چارەسەرکردنی
بە شی چوارەم: سیحر و جۆرەکانی و نیشانەکانی و چارەسەرکردنی
بە شی پێنجەم : چۆنێتی خۆپاراستن لە جنۆکە و شەیتان
بە شی شەشەم : چەند پرسیار و وەڵامێك دەربارەی جنۆکە و شەیتان

بەشی یەکەم

بـاوەڕبوون بە جنۆکە و شەیتـان

(**الجن**): لە زماندا ناوێکی رەگەزە کۆکەرەوەیە تاکەکەی (جنی) یە لە (الاجتنان) ەوە هاتووە و وەرگێڕاوە, ئەویش (الستر والاستخفاء) ە واتە: شاراوە و داپۆشین، هەر بۆیە ئەو ناوەشی لێنراوە، چونکە لـە بەرچـاوی خـەڵکی نادیـارن و خـەڵکی نایانبینن.

(**الإنـــس**) واتــە: مرۆڤـ بۆیــە ئــەو نـاوەی لێنـراوە چـونکە ئاشـکران و بـە چـاو دەبینرێن.

هەر بۆیە ئەو کەسەی کە ئەقڵی لـە دەسـت دەدات پێـی دەڵـێن (مجنـون) واتـە: شێت، چونکە ئەقڵی نادیار دەبێت و دەشاردرێتەوە.

(الجن) لە شەرعدا:

لە قورئانی پیرۆزدا ناوی جنۆکە زۆر هاتووە یـەکێك لـەو ئایەتانـە خـوای گـەورە دەفەرموێت: ﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦ ﴾ الذاريات:٥٦

هەروەها سورەتێکی تایبەت هەیە بە ناوی سـورەتی (الجـن) ەوە ، هـەروەها لـە سوننەتی پێغەمبەردا (صلى الله عليه وسلم) باسی (الجن) زۆر هاتووە و پێناسەی زۆرە، پێناسـەیەکی پـوختی بـۆ هەڵدەبـژێرین، ئـەویش **جنۆکـە**: جـۆرە روح لـە بـەرێکی ئاقـڵ و بـە توانـا و بـە هێـزن، هـەروها بەرپرسـیارن وەکـو مرۆڤـەکان، دەستیان لێ نادرێت و شاراوەن لە بینین، بە شێوازی خۆیان نابینرێن، توانایان هەیە خۆیان بگـۆڕن بـۆ شـێوازی تـر ، ئـەخۆن و ئەخۆنـەوە و ژن دێـنن و شـوو دەکەن و نەوەشیان هەیە، خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا پرسیاریان لێ دەکات بۆ ئەو کردەوانەی کە ئەنجامیان داوە لە ژیانی رۆژانەیاندا.[1]

---

(١) عالم الجن في ضوء الكتاب والسنة / الدكتور عبدالكريم نوفان عبيدات.

أ- بەڵگە لە قورئانی پیرۆزدا:

١- خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ وَإِذْ صَرَفْنَآ إِلَيْكَ نَفَرًا مِّنَ ٱلْجِنِّ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقُرْءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓا۟ أَنصِتُوا۟ ۖ فَلَمَّا قُضِىَ وَلَّوْا۟ إِلَىٰ قَوْمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ ﴾ (الأحقاف: ٢٩)

٢- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ أَلَمْ يَأْتِكُمْ رُسُلٌ مِّنكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ ءَايَٰتِى وَيُنذِرُونَكُمْ لِقَآءَ يَوْمِكُمْ هَٰذَا ۚ قَالُوا۟ شَهِدْنَا عَلَىٰٓ أَنفُسِنَا ۖ وَغَرَّتْهُمُ ٱلْحَيَوٰةُ ٱلدُّنْيَا وَشَهِدُوا۟ عَلَىٰٓ أَنفُسِهِمْ أَنَّهُمْ كَانُوا۟ كَٰفِرِينَ ﴿١٣٠﴾ ﴾ (الأنعام: ١٣٠)

٣- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰمَعْشَرَ ٱلْجِنِّ وَٱلْإِنسِ إِنِ ٱسْتَطَعْتُمْ أَن تَنفُذُوا۟ مِنْ أَقْطَارِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ فَٱنفُذُوا۟ ۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلْطَٰنٍ ﴿٣٣﴾ ﴾(الرحمن: ٣٣).

٤- خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: ﴿ إِنَّمَا يُرِيدُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَن يُوقِعَ بَيْنَكُمُ ٱلْعَدَٰوَةَ وَٱلْبَغْضَآءَ فِى ٱلْخَمْرِ وَٱلْمَيْسِرِ وَيَصُدَّكُمْ عَن ذِكْرِ ٱللَّهِ وَعَنِ ٱلصَّلَوٰةِ ۖ فَهَلْ أَنتُم مُّنتَهُونَ ﴿٩١﴾ ﴾ (المائدة: ٩١).

٥- خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّبِعُوا۟ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ ۚ وَمَن يَتَّبِعْ خُطُوَٰتِ ٱلشَّيْطَٰنِ فَإِنَّهُۥ يَأْمُرُ بِٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ۚ وَلَوْلَا فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُۥ مَا زَكَىٰ مِنكُم مِّنْ أَحَدٍ أَبَدًا وَلَٰكِنَّ ٱللَّهَ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢١﴾ ﴾ (النور: ٢١).

٦- خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قَالَ مَا مَنَعَكَ أَلَّا تَسْجُدَ إِذْ أَمَرْتُكَ ۖ قَالَ أَنَا۠ خَيْرٌ مِّنْهُ خَلَقْتَنِى مِن نَّارٍ وَخَلَقْتَهُۥ مِن طِينٍ ﴿١٢﴾ ﴾ (الأعراف: ١٢).

خوای گەورە دەفـەرموێت:﴿ وَلَقَدْ خَلَقْنَا ٱلْإِنسَـٰنَ مِن صَلْصَـٰلٍ مِّنْ حَمَإٍ مَّسْنُونٍ ﴿٢٦﴾ وَٱلْجَآنَّ خَلَقْنَـٰهُ مِن قَبْلُ مِن نَّارِ ٱلسَّمُومِ ﴿٢٧﴾ ﴾(الحجر: ٢٦ – ٢٧).

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَخَلَقَ ٱلْجَآنَّ مِن مَّارِجٍ مِّن نَّـارٍ ﴿١٥﴾ ﴾(الرحمن: ١٥).

تێبینی:

وشەی (الجن) (٢٢) جار لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە و وشەی **(الْجَانَّ) (٧) جـار هاتووە وشەی (شەیتان) یش (٦٨) هاتووە.**

ب- بەڵگە لە سوننەتی پێغەمبەردا ﷺ :-

عن أبي سعيد الخدري (رضي الله عنه) قـال : قـال لي رسـول الله ﷺ (إِنِّي أَرَاكَ تُحِبُّ الْغَنَمَ وَالْبَادِيَةَ فَإِذَا كُنْتَ فِي غَنَمِكَ أَوْ بَادِيَتِكَ فَأَذَّنْتَ بِالصَّلَاةِ فَارْفَعْ صَوْتَكَ فَإِنَّهُ لَا يَسْمَعُ مَدَى صَوْتِ الْمُؤَذِّنِ جِنٌّ وَلَا إِنْسٌ وَلَا شَيْءٌ إِلَّا شَهِدَ لَهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ قَالَ أَبُو سَعِيدٍ **سَمِعْتُهُ مِنْ رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ)** . موطأ مالك « كتاب الصلاة « باب ما جاء في النداء للصلاة، التعليقات الحسان على صحيح ابن حبان، (١٦٦١) [٢: ١][تعليق الشيخ الألباني].

واتە: من وا ئەبینم تۆ حەزت لە مەڕ و مـاڵات و دەشـتییە، ئەگـەر لـە نـاو مـەڕ و ماڵاتەکەت بوویت، ویستت بانگ بدەیت ئەوە دەنگت زۆر بەرز بکەرەوە، چـونکە هەر کەسێك گوێی لە بانگەکەت بێت لە جنۆکە و مرۆڤ و هەر شتێکی تریش ئـیلا لە رۆژی قیامەتدا شایەتیت بۆ دەدەن.

١- عن عائشة (رضي الله عنها) قالت : (**قال رسول الله ﷺ : خلقت الملائكة من نـور و خلق الجـان مـن مـارج مـن نـار, وخلق آدم ممـا وصـف لكـم**).رواه مسلم (٧٤٢٠) قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٣٢٣٨ في صحيح الجامع.

واتـە: مەلائیکـە لـە نـور دروسـتکراون و جنۆکـەش لـە ئـاگرێکی بلێسـەداری بـێ دووکەڵ دروسـت کـراون و ئـادەمیش لـەوەی بۆتـان بـاس کـراوە، واتـە: لـە گڵ دروست کراوە.

٢- عــن صــفيية بنــت حيــي (رضــي الله عنهــا) قالــت: (**قـــال رســـول الله ﷺ: إِنَّ الشَّيْطَانَ يَجْرِي مِنِ الانسان مجرى الدم**). مسلم (٥٦٤٢)، قال الشيخ الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم : ١٦٥٨ في صحيح الجامع.

واتە: بەڕاستی شەیتان لە لاشەی مرۆڤدا لە ناو دەمارەکانیدا دەسوڕێتەوە.

٣-عن أبن عمر (رضي الله عنه) أن رسول الله ﷺ قال : ((**إِذَا أَكَلَ أَحَدُكُمْ فَلْيَأْكُلْ بِيَمِينِـهِ، وَإِذَا شَـرِبَ فَلْيَشْـرَبْ بِيَمِينِـهِ, فَـإِنَّ الشَّـيْطَانَ يَأْكُـلُ بِشِـمَالِهِ وَيَشْـرَبُ بِشِمَالِهِ**)) مسلم (٥٢٣٣)، [تعليق الشيخ الألباني] ((الصحيحة)) (١٢٣٦).

ئەگەر کەسێك لە ئێوە خواردن و خواردنەوەی خوارد ئەوە با بە دەستی راستی بیخوات، چونکە شەیتان بە دەستی چەپی خواردن و خواردنەوە دەخوات .

٤- عن أَبِي سَعِيدٍ الْخُدْرِيِّ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ): ((**إِذَا تَثَاوَبَ أَحَدُكُمْ فَلْيُمْسِكْ بِيَدِهِ عَلَى فِيهِ ، فَإِنَّ الشَّيْطَانَ يَدْخُلُ**)). رواه مسلم (٧٤١٧)

ئەگەر کەسێك لە ئێوە باوێشکی بۆ هات ئەوە با دەستی بخاتە سەر دەمی، چونکە شەیتان دەچێتە ناو دەمێوە.

٥- عــن أبي هريــرة (رضــي الله عنــه) أن رســول الله ﷺ قــال : ((**إِذَا سَـمِعْتُمْ صِيَاحَ الدِّيَكَةِ فَاسْأَلُوا اللَّهَ مِنْ فَضْلِهِ ؛ فَإِنَّهَا رَأَتْ مَلَكاً ، وَإِذَا سَمِعْتُمْ نَهِيقَ الْحِمَارِ فَتَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنَ الشَّيْطَانِ ؛ فَإِنَّهُ رَأَى شَيْطَاناً**)) أخرجه مسلم (٦٨٥٧)

واتە: ئەگەر گوێتان لە دەنگی کەڵەشێر بوو ئەوە داوای فەزڵ و بەخششی خوای پەروەردگار بکەن، وە ئەگەر گوێتان لە زەڕەی گوێ درێژ بوو ئەوە پەنا بگرن بە خودا، چونکە شەیتان دەبینێت.

مەبەست لەم فەرمودانە وشەی (الجن) و (الشیطان)ە کەواتە جنۆکە شەیتانەکان بوونیان هەیە .

جنۆكە دەبینرێن و خۆیان دەگۆڕن بۆ شێوازی تر:

بە گوێرەی ئەو ئایەت و فەرموودانە بێت جنۆكە دەبینرێن، بەڵام لە سەر شێوەی خۆیان نابینرێن ، إبن تیمیە– رەحمەتی خوای لێ بێت – دەفـەرموێت: (والجن یتصورون قي صورة الانس والبهائم، فیتصورون في صورة الحيَّات والعقارب وغیرها، وفي صورة الابل والبقر والغنم والخیل والبغال، وفي صور الطیر وفي صور بني آدم) مجموع فتاوى ابن تیمیة– رحمه الله – (ص ٤٤/ ج ١٩)/ تحقیق: عبدالرحمن بن محمد بن قاسم العاصمي النجدي.

واتە: جنۆكە شـێوازی خۆیـان دەگـۆڕن بـۆ شـێوەی مرۆڤـ و ئـاژەڵ ، هـەروەها شێوازی خۆیان دەگۆڕن بۆ مار و دووپشكە و غەیری ئەوانەش، هەروەها خۆیـان دەگۆڕن بۆ شێوازی وشتر و مانگا و مەڕ و ئەسـپ و گوێدرێـژ و باڵنـدە و نـەوەی ئادەم.

بەڵگە لە سەر ئەوەی كە جنۆكە خۆی دەگۆڕێت بـۆ شـێوازی تـر، خـوای گـەورە دەفـــــەرموێت: ﴿ وَإِذْ زَيَّنَ لَهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ أَعْمَٰلَهُمْ وَقَالَ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ ۖ فَلَمَّا تَرَآءَتِ ٱلْفِئَتَانِ نَكَصَ عَلَىٰ عَقِبَيْهِ ﴾ الأنفال: ٤٨

(القرطبي) لە تەفسیری ئەم ئایەتە پیرۆزەدا دەفەرموێت: ابن عباس دەیگێڕێتـەوە و دەفەرموێت: شـەیتان لـە جـەنگی بـەدردا، لەگـەڵ كۆمـەڵێك لـە سـەربازەكانی خۆیدا هات لە سەر شێوەی پیاوێك لە نەوەی (بني مدلج) و لە شێوەی (سراقة) ی كوڕی (مالك) ی (جعشم)، شـەیتان بـە بـێ باوەڕەكـانی وت: ﴿ لَا غَالِبَ لَكُمُ ٱلْيَوْمَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَإِنِّي جَارٌ لَّكُمْ ﴾.

واتە: ئەمڕۆ هیچ كەس سەرناكەوێ بە سەرتاندا و دڵنیا بن منیش پشت و پـەنام بۆ ئێوەیە. كاتێك كە خەڵكی ریزیان بەست و پێغەمبەر (ﷺ) لەپێ خۆڵی كرد بە دەم و چـاوی بـێ باوەڕەكانـەوە و ئـەوانیش هـەڵهاتن، پاشـان جبریـل رووی لـە

شەیتان کرد، کاتێك کە (جبريل) ی بینی ، شەیتان دەستی بە دەستی یەکێك لـە بێ باوەڕەکانەوە بوو دەستی بێ باوەڕەکەی بەردا و خێرا خۆی و سەربازەکانی هـەڵهاتن، کابرایـەك وتـی ئـەی (سراقة) تـۆ وتـت مـن پشـتیوانیتان لـێ دەکـەم و هاوکارتـــانم، پاشـــان شـــەیتان کاتێـــك مەلائیکـــەکانی بینـــی وتـــی:

﴿إِنِّيٓ أَرَىٰ مَا لَا تَرَوۡنَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَۚ وَٱللَّهُ شَدِيدُ ٱلۡعِقَابِ ٤٨﴾ الأنفال: ٤٨

واتە: ئەوەی من دەیبینم ئێوە نایبینن من لە خـوای گـەورە دەترسـم و لـە گـەڵ ئێوە نیم ، چونکە بە راستی خوای گەورە سزای بە توندە بۆ ئـەو کەسـانەی کـە سەرپێچی دەکەن.

بەشی دووەم

جنۆکە لە کوێ دەژین و خواردنیان چییە؟

١- خـــواردنی جنۆکـــە پـــاش مـــاوەی ئـــاژەڵ و ئێســـکی ئاژەڵانـــە , وەك لـــە فەرموودەیەکی صەحیحدا هاتووە کە ئیمامی (ترمذي) ریوایەتی کـردووە و شـێخی ئـەلبانی – رەحمـەتی خـوای لـێ بێـت – بـە صـحیح هێنـاویێتی: ((لا تَسْتَنْجُوا بِالرَّوْثِ وَلا بِالْعِظَامِ فَإِنَّها زَادُ إِخْوَانِكُمْ مِنَ الْجِنِّ)) جامع الترمذي (٩٥/١)، قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٧٣٢٥ في صحيح الجامع.

واتە: بە پاشەڕۆی ئاژەڵ و ئێسك خۆتـان پـاك مەکەنـەوە کاتێـك کـە دەچـن بـۆ سەرئاو، چونکە خواردنی برا جنۆکەکانتانە لە موسڵمانەکانیان.

هەروەها (ابن مسعود) دەیگێڕێتەوە لە پێغەمبەری خواوە (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) دەفەرموێت: (أَتَانِي دَاعِي الْجِنِّ فَذَهَبْتُ مَعَهُ فَقَرَأْتُ عَلَيْهِمُ الْقُرْآنَ) قَالَ: فَانْطَلَقَ بِنَا فَأَرَانَا آثارهم و آثار نِيرَانَهُمْ وَسَأَلُوهُ الزَّادَ فَقَالَ:(لَكُمْ كُلُّ عَظْمٍ ذُكر اسْمُ اللَّهِ عَلَيْهِ يَقَعُ فِي أَيْدِيكُمْ أَوْفَرَ مَا يَكُونُ لَحْمًا وَكُلُّ بَعْرٍ عَلَفًا لِدَوَابِّكُمْ) فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ:(فَلَا تَسْتَنْجُوا بهما فَإِنَّهُماطعامُ إِخْوَانِكُمْ مِنَ الجن)[1]صحيح مسلم (١٠٠٦)، قال الشيخ الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم : ٥١٥٩ في صحيح الجامع

واتە: وەفدی جنۆکەکان هاتن بۆ لام، منیش لە گەڵیاندا ڕۆیشتم، پاشان قورئـانم بۆ خوێندن، (ابن مسعود) ئەڵێت: پێغەمبەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئێمەی برد بۆ جێگاکانیان و ئاسەواری ئاگر و شوێنەکانیانی پێمان پیشـاندا، داوای خواردنیـان کرد لە پێغەمبەر(صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) ئەویش لـە وەڵامـدا فـەرمووی: خـواردنی ئێوە هەموو ئێسکێکە کە مرۆڤ دەیخوات و (بسم الله) ی لێ کردبێت و بەردەستی ئێوە دەکەوێت و دوو ئەوەندە گۆشتی پێوەیە، هەموو پـاش ماوەیـەکی ئـاژەڵ خۆراکی ئاژەڵی ئێوەی جنۆکەیـە. پێغەمبـەر (صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) فـەرمووی:

(١) القول المبين في عالم الجن والشياطين/ أبو خلاد ناصر السنة

كاتێك كە دەچن بۆ سەرئاو خۆتان بە ئێسك و پاشـەڕۆی ئـاژەڵ پـاك مەكەنـەوە چونكە ئەوە خواردنی برا جنۆكەكانتانە.

* جنۆكە لە كوێ دەژین ؟

جنۆكە لەسەر ئەم زەویە دەژین هەنـدێكیان لـە شـوێنی پـاك دەژیـن و بـە دوای شوێنی پاكدا دەگەڕێن، بەڵام بێ باوەڕەكانیان لە بـازاڕ و گۆڕسـتان و سـەرئاو و شـوێنی تاریكـدا دەژیـن، وە گوێیـان لـە بـانگ[1] بێـت یـان سـورەتی (البقرة)[2] یەكسەر هەڵدێن، هەروەها لە مانگی رەمەزانیشدا یاخێكانیان كۆت و زنجیر دەكرێن و دەبەسەرێنەوە[3]، وە لە نێوان سێبەر و خۆرەتاو دادەنیشن[4].

خوای گەورە هێز و توانایـەكی یـەكجار بـەهێزی پییـان بەخشـیوە ، بـە جورێك توانایان هەیە بچنە ئاسمانەكانی دونیا بۆ ئەوەی گوێ بیستی فریشتەكان بن و قسەیان لێ بدزن تاوەكو بیگەیەنن بە ساحیر و جادووگـەرەكان بـۆ ئـەوەی بڵێن ئەمانە غێب دەزانن . بەڵگـەش لـە سـەر ئەمـە، خـوای گـەورە لـە قورئـانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَاعِدَ لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ الآنَ يَجِدْ لَهُ شِهَابًا رَّصَدًا﴾ [الجن: ٩].

---

(١) عن أبي هريرة رضي الله عنه قال رسول الله (صلى الله عليه وسلم) : ((إذا نودي بالصلاة أدبر الشيطان له ضراط حتى لا يسمع التأذين فإذا قضي التأذين أقبل فإذا ثوب بالصلاة أدبر فإذا قضي التثويب أقبل حتى يخطر بين المرء ونفسه فيقول: اذكر كذا اذكر كذا لما لم يكن يذكر حتى يظل الرجل ما يدري كم صلى)) البخاري (٦٠٨) كتاب الاذان.

(٢) عَنْ أَبِي هُرَيْرَةَ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (صَلَّى اللَّه عَلَيْهِ وَسَلَّمَ) قَالَ: ((لَا تَجْعَلُوا بُيُوتَكُمْ مَقَابِرَ إِنَّ الشَّيْطَانَ يَنْفِرُ مِنَ الْبَيْتِ الَّذِي تُقْرَأُ فِيهِ سُورَةُ الْبَقَرَةِ)).صحيح مسلم(١٨٢١).

(٣) (إِذَا كَانَ أَوَّلُ لَيْلَةٍ مِنْ شَهْرِ رَمَضَانَ صُفِّدَتِ الشَّيَاطِينُ مَرَدَةُ الْجِنِّ وغُلِّقت أَبْوَابُ النَّارِ فَلَمْ يُفتح مِنْهَا بَابٌ وفُتِحَت أَبْوَابُ الْجَنَّةِ فَلَمْ يُغلق مِنْهَا بَابٌ وَمُنَادٍ يُنَادِي: يَا بَاغِيَ الْخَيْرِ أَقْبَلْ وَيَا بَاغِيَ الشَّرِّ أَقْصِرْ وَلِلَّهِ عُتَقَاءُ مِنَ النَّارِ , وَذَلِكَ كُلَّ لَيْلَةٍ)[تعليق الشيخ الألباني] حسن صحيح – ((التعليق الرغيب)) (٢/ ٦٨) , ((المشكاة)) (١٩٦٠ . ١٩٦١).

(٤) ورد عن رجل من أصحاب النبي (صلّ الله عليه وسلم) قال : أن الرسول (صلّ الله عليه وسلم) ((نَهَى أَنْ يُجْلَسَ بَيْنَ الضَّحِّ وَالظِّلِّ ، وَقَالَ: مَجْلِسُ الشَّيْطَانِ)). مسند الإمام أحمد: ٢٤/ ١٧٤ برقم (١٥٤٢١)، وقال محققه: إسناده حسن، وقال الهيثمي في مجمع الزوائد: ٨/ ١١٧ برقم (١٢٩٢٧).

قال القرطبي: (كان الجن يقعدون مقاعد لاستماع أخبار السماء، وهم المردة من الجن، كانوا يفعلون ذلك ليستمعوا من الملائكة أخبار السماء حتى يلقوها إلى الكهنة، فحرسها الله بالشهب المحرقة، فقالت الجن حينئذ

واتە: جنۆکەکان خۆیـان حەشـار دەدا بـۆ ئـەوەی هـەواڵ لـە ئاسمانـەوە بـدزن، ئەوانەش یاخی بووی جنۆکەکانن، ئەم کارەیان ئەنجام دەدا بۆ ئەوەی گوێ لـە مەلائیکەکان بگرن و هەواڵ بدزن بۆ فاڵچـی و سـاحیرەکان، خـوای گـەورەش بـە نەیزك نیشانیانی دەگرت و دەیانی سوتاند و لە ناویانی دەبرد.

بەشی سێیەم

نیشانەکانی توشبوونی دەست لێوەشاندن بە جنۆکە[١]

١- هەست کردن بە ژانە سەرێکی بەردەوام .

٢- دڵ تەنگی بە تایبەتی لە پاش عەسر .

٣- سڕبوونی دەست و پێ و گەرم بوونی ناو دەست و ژێر پێ .

٤- هەست کردن بە ژانە سک بەتایبەتی (گەدە و بەرزەهار).

٥- بینینی خەوی ناخۆش بە تایبەتی خەو بینین بە ئاژەڵەوە .

٦- تووڕە بوون و هەڵچونێکی کتوپڕ .

٧- دڵ تەنگ بوون لە کاتی بیستنی قورئان و بانگدا .

٨- تەمبەڵی لە عیبادەتدا .

٩- حەز کردن بە تەنهایی ومانەوەی زۆر لە حەمام و سەرئاو .

١٠- هەست کردن بە دڵ تـەنگی لـە کـاتی جوتبـوون و سـەرجێی کـردن لەگـەڵ خێزاندا .

١١- هەست کردن بەوەی هەندێك جار کەسێك بانگت دەکات .

١٢- راچەڵەکاندن لە کاتی بیستنی دەنگێکی بەرز، وەك شکاندنی پەرداخێك یان لێدانی دەرگا.

١٣- باوێشیکێکی زۆر.

١٤- تێکچوونی بیرکردنەوەو قسە کردنی تێکەڵاو کە هیچ واتایەکی نییە.

---

(١) بە گوێرەی ئەو نەخۆشانەی کە هاتوونە بۆ لامان زۆربەی ئەم نیشانانەیان لێ دەرکەوتووە.

سەرنج/ ئەم خاڵانە یان ئەزموونی تایبەتە یان ئەزموونی هەندێك لەو کەسانەیە کە لەم بوارەدا خەریکن.(ج)

پێش دەست پێکردنی چارەسەرکردنی نەخۆشەکە :

١− پێویستە ئەو کەسەی کە (رقیە) دەکات کەسێکی لە خوا ترس و بە تـەقوا بێت وە خاوەنی بیر و باوەڕیکی پاك بێت و دوور لە ریا و شـیرك و سـومعە و بیدعە بێت، وە ئەو کارەی کە دەیکات تەنها لەبەر رەزامەنـدی خـوای مـەزن بێت .

٢- پێویستە ئەو کەسەی چارەسەری نەخۆشەکە دەکـات نەخۆشـەکە وکـەس و کاری نەخۆشەکە ئاگادار بکاتەوە کە سوود و زیـان تـەنها بـە دەسـت خـوای گەورەیە و هەر خۆی شیفا دەرە، خوای گەورە دەفـەرموێت: (وَإِذَا مَرِضْتُ فَهُوَ يَشْفِينِ) الشعراء :٨٠ , (وَإِنْ يَمْسَسْكَ اللَّهُ بِضُرٍّ فَلَا كَاشِفَ لَهُ إِلَّا هُوَ). يونس: ١٠٧, هەروەها (عەبدوڵلای کوڕی عەباس) — رەزای خـوا لـە خـۆی و بـاوکی بێـت− دەفـەرموێت: رۆژێکیـان لـە پشـتی پێغەمبـەرەوە بـووم ﷺ دەیفـەرموو: ((يَا غُلاَمُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ احْفَظْ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظْ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلْ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الأمة لَوْ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوْ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ رُفِعَتْ الْأَقْلاَمُ وَجَفَّتْ الصُّحُفُ)). رواه الترمذي ، وأحمد ، وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم (٧٩٥٧).

پێویستە قەناعەتیان پـێ بکـات بـە دەرهێنـانی هـەموو وێنـەیکی گیـان لەبـەر و هەموو جۆرە پەیکەرێك , چونکە مەلائیکە ناچێتە ماڵێکەوە، کـە وێنـە و سـەگی تێدابێت ، بەڵام ئەگەر وێنەی سروشتی بێت ئەو ئاساییە.

٣− دەرکردنی هەموو جۆرە نوشتەیەك کە بە نەخۆشەکەوەیە پاشـان سـوتاندنی دوای خوێندن بە سەریدا لەلایەن چارە سەرکارەوە .

٤- پێویستە ئەو کەسانەی لەو شوێنەدان تەقوای خوای گەورە بکەن و تەنها لە خوا بترسن.

٥- ئەو ئافرەتانەی کە لەوێن و نەخۆشەکەش پێویستە خۆیان پۆشـتە بکـەن و بەردەوام بن لە لەبەرکردنی حیجابی شەرعی.

٦- پێویستە ئەو کەسەی چارەسەری بۆ دەکرێت ئەگەر ئافرەت بوو کەسـێکی مەحرەمی لەگڵدا بێت .

٧- ئەو کەسەی چارەسـەری نەخۆشـەکە دەکـات لـە خـوای گـەورە بپارێتـەوە کارەکەی بۆ ئاسان بکات .

چارەسەرکردن

پێویستە سەرەتا چارەسەرکار پرسیار لە نەخۆشەکە بکات چی بەسەردا دێت و هەست بە چی دەکات، تاوەکو چارەسەرکار بۆی دەرکەوێت ئایا ئەو نەخۆشییە سیحرە یان چاونەفەسە یان دەست لێوەشاندنە(١)، تا بتوانێت بە جوانی چارەسەری نەخۆشەکە بکات .

سەرنج:

قورئانی پیرۆز هەمووی شیفایە بەڵام خوێندنی ئەم دوعا و ئایەتانەی، کە دیاریمان کردووە هەندێکیان بەڵگەی لە سەر هاتووە، وەکوباسمان کردووە و هەندێکی تریشیانتەنها **ڕاو بۆچوونی چەند زانایەکە و اجتهادێکە**، هەروەها چەندەها نەخۆش سوودیان لێی وەرگرتووە، بۆیە مەرج نییە تەنها ئەم ئایەت و سورەتانە بخوێنرێت، بەڵکوجاری وا هەیە نەخۆشەکە بە سورەتی (**النساء**) **یان** (**الانفال**) **یان** (**الحاقة**) گاریگەر دەبێت، بۆیە هەر ئایەت و سورەتێك دەخوێنیت **شیفایە** إن شاءالله، هەروەها ئەو ئایەتانەی کە باسمان کردووە زۆریان باسی جنۆکە و سیحرکردن و نەفرین (اللعن) دەکەن، بۆیە زۆر جار کاریگەری زیاترە لە سەر نەخۆشەکە.

پاشان ئەم دوعا و ئایەتانە دەخوێنرێتە سەر نەخۆشەکەدا :

١- سورەتی (الفاتحە) چەند جارێك دووبارە بکرێتەوە[٢]،

---

(١) بە گوێرەی ئەو نیشانانە مامەڵەی لە گەڵدا بکات کە لە ئەنجامی شارەزابوون و خوێندنەوەی وتەی زانایان پەیدای کردووە. (م جمعه).

(٢) عن أبي سعيد الخدري رضي الله عنه قال: ((انْطَلَقَ نَفَرٌ مِنْ أَصْحَابِ النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فِي سَفْرَةٍ سَافَرُوهَا حَتَّى نَزَلُوا عَلَى حَيٍّ مِنْ أَحْيَاءِ الْعَرَبِ فَاسْتَضَافُوهُمْ فَأَبَوْا أَنْ يُضَيِّفُوهُمْ، فَلُدِغَ سَيِّدُ ذَلِكَ الْحَيِّ فَسَعَوْا لَهُ بِكُلِّ شَيْءٍ لَا يَنْفَعُهُ شَيْءٌ، فَقَالَ بَعْضُهُمْ لَوْ أَتَيْتُمْ هَؤُلَاءِ الرَّهْطَ الَّذِينَ نَزَلُوا لَعَلَّهُ أَنْ يَكُونَ عِنْدَ بَعْضِهِمْ شَيْءٌ فَأَتَوْهُمْ فَقَالُوا يَا أَيُّهَا الرَّهْطُ إِنَّ سَيِّدَنَا لُدِغَ وَسَعَيْنَا لَهُ بِكُلِّ شَيْءٍ لَا يَنْفَعُهُ فَهَلْ عِنْدَ أَحَدٍ مِنْكُمْ مِنْ شَيْءٍ فَقَالَ بَعْضُهُمْ نَعَمْ وَاللَّهِ إِنِّي لَأَرْقِي وَلَكِنْ وَاللَّهِ لَقَدْ اسْتَضَفْنَاكُمْ فَلَمْ تُضَيِّفُونَا فَمَا أَنَا بِرَاقٍ لَكُمْ حَتَّى تَجْعَلُوا لَنَا جُعْلًا فَصَالَحُوهُمْ عَلَى قَطِيعٍ مِنْ الْغَنَمِ فَانْطَلَقَ يَتْفِلُ عَلَيْهِ وَيَقْرَأُ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ

﴿بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿١﴾ الْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿٢﴾ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ ﴿٣﴾ مَالِكِ يَوْمِ الدِّينِ ﴿٤﴾ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ﴿٥﴾ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴿٧﴾﴾ الفاتحة

٢–خوێندنی (قل هو الله أحد) و (المعوذتين) بە سەر پەرداخێك ئاودا و فوو كردن بە ناويدا[(١)]:

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ﴿١﴾ اللَّهُ الصَّمَدُ ﴿٢﴾ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ﴿٣﴾ وَلَمْ يَكُن لَّهُ كُفُوًا أَحَدٌ ﴿٤﴾﴾

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَٰنِ الرَّحِيمِ

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ الْفَلَقِ ﴿١﴾ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ﴿٢﴾ وَمِن شَرِّ غَاسِقٍ إِذَا وَقَبَ ﴿٣﴾ وَمِن شَرِّ النَّفَّاثَاتِ فِي الْعُقَدِ ﴿٤﴾ وَمِن شَرِّ حَاسِدٍ إِذَا حَسَدَ ﴿٥﴾﴾

الْعَالَمِينَ فَكَأَنَّمَا نُشِطَ مِنْ عِقَالٍ فَانْطَلَقَ يَمْشِي وَمَا بِهِ قَلَبَةٌ قَالَ فَأَوْفَوْهُمْ جُعْلَهُمْ الَّذِي صَالَحُوهُمْ عَلَيْهِ فَقَالَ بَعْضُهُمْ اقْسِمُوا فَقَالَ الَّذِي رَقَى لَا تَفْعَلُوا حَتَّى نَأْتِيَ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَنَذْكُرَ لَهُ الَّذِي كَانَ فَنَنْظُرَ مَا يَأْمُرُنَا فَقَدِمُوا عَلَى رَسُولِ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَذَكَرُوا لَهُ فَقَالَ وَمَا يُدْرِيكَ أَنَّهَا رُقْيَةٌ ثُمَّ قَالَ قَدْ أَصَبْتُمْ اقْسِمُوا وَاضْرِبُوا لِي مَعَكُمْ سَهْمًا فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ قَالَ أَبُو عَبْد اللَّهِ وَقَالَ شُعْبَةُ حَدَّثَنَا أَبُو بِشْرٍ سَمِعْتُ أَبَا الْمُتَوَكِّلِ بِهَذَا))(مسلم:٢٢٧٦)،[البخاري، الترمذي، أبو داود، ابن ماجه، أحمد عَنْ أَبِي سَعِيدٍ].

(١) السؤال: هل يمكن للمسلم أن يعالج نفسه بنفسه بالقراءة والنفث في الماء؟

كان النبي صلى الله عليه وسلم إذا أحس بمرض ينفث في يديه (ثلاث مرات) ب (قل هو الله أحد) و (المعوذتين) ويمسح بهما في كل مرة ما استطاع من جسده عند النوم عليه الصلاة والسلام ، بادئا برأسه ووجهه وصدره ، كما أخبرت بذلك عائشة رضي الله عنها في الحديث الذي رواه البخاري(٥٧٤٨) ، ورقاه جبرائيل لما مرض في الماء بقوله : " بسم الله أرقيك ، من كل شيء يؤذيك ، من شر كل نفس أو عين حاسد الله يشفيك ، بسم الله أرقيك " (ثلاث مرات) ، وهذه الرقية مشروعة ونافعة .

وقد قرأ بلال في ماء لثابت بن قيس رضي الله عنه ، وأمر بصبه عليه ، كما روى ذلك أبو داود في الطب بإسناد حسن . . . إلى غير هذا من أنواع الرقية التي وقعت في عهده عليه الصلاة والسلام ، ومن ذلك أنه صلى الله عليه وسلم رقى بعض المرضى بقوله : اللهم رب الناس ، أذهب البأس ، واشف أنت الشافي ، لا شفاء إلا شفاؤك ، شفاء لا يغادر سقما . **مجموع فتاوى ومقالات_الجزء الثامن، للشيخ عبدالعزيز بن عبدالله بن باز**

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿قُلۡ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلنَّاسِ ١ مَلِكِ ٱلنَّاسِ ٢ إِلَٰهِ ٱلنَّاسِ ٣ مِن شَرِّ ٱلۡوَسۡوَاسِ ٱلۡخَنَّاسِ ٤ ٱلَّذِي يُوَسۡوِسُ فِي صُدُورِ ٱلنَّاسِ ٥ مِنَ ٱلۡجِنَّةِ وَٱلنَّاسِ ٦﴾

٣- خوێندنی ئەم دوعا و زیکرانە:

أ- ((**اللَّهُمَّ رَبَّ النَّاسِ، أَذْهِبِ الْبَاسَ ، وَاشْفِهِ، أَنْتَ الشَّافِي، لاَ شِفَاءَ إِلاَّ شِفَاؤُكَ، شِفَاءً لاَ يُغَادِرُ سَقَمًا**)).[١]

ب- ((**بِسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ يُؤْذِيكَ مِنْ شَرِّ كُلِّ نَفْسٍ أَوْ عَيْنٍ أَوْ حَاسِدٍ, اللَّهُ يَشْفِيكَ بِسْمِ اللَّهِ أَرْقِيكَ**)).[٢]

جـ- سێ جار (بسم الله) بکە، حەوت جـاریش بلـێ: ((**أَعُوذُ بِعِزَّةِ اللَّهِ وَقُدْرَتِهِ مِنْ شَرِّ مَا أَجِدُ وَأُحَاذِرُ**)).[٣]

د- حەوت جار بلێ ((**أَسْأَلُ اللَّهَ الْعَظِيمَ ، رَبَّ الْعَرْشِ الْعَظِيمِ أَنْ يَشْفِيَكَ**)).[٤]

٤- سورەتی (البقرة) لە ئایەتی (١-٥) ،

---

(١) أن النبي (صلى الله عليه وسلم) كان يعود بعض أهله ويمسح بيده اليمنى ويقول :" **اللهم رب الناس أذهب البأس واشفه أنت الشافي لا شفاء إلا شفاءك شفاءً لا يغادر سقما** "(بخاري:٥٧٤٣) .

(٢) وعن أبي سعيد :" **أن جبريل أتى النبي (صلى الله عليه وسلم) فقال :يا محمد اشتكيت ؟ فقال : نعم . قال : بسم الله أرقيك من كل شيء يؤذيك ، ومن شر كل نفس أو عين حاسد ، الله يشفيك ، بسم الله أرقيك** "(رواه مسلم:٥٦٦٤) .

(٣) **عن عثمان بن العاص رضي الله عنه أنه شكى إلى رسول الله وجعاً ، فقال له رسول الله (صلى الله عليه وسلم) :" ضع يدك على الذي تألم من جسدك ، وقل : بسم الله (ثلاثاً) ، وقل سبع مرات : أعوذ بعزة الله وقدرته من شر ما أجد وأحاذر** "(رواه مسلم: ٥٧٠١) .

(٤) عن ابن عباس رضي الله عنهما أن النبي صلى الله عليه وسلم قال :" **من عاد مريضاً لم يحضر أجله فقال عنده سبع مرات : أسأل الله العظيم رب العرش العظيم أن يشفيك إلا عافاه الله من ذلك** " أخرجه أحمد وأبو داود والترمذي وحسّنه , **وأيضاً يدعى للمريض بالشفاء ثلاثاً كما دعا رسول الله (صلى الله عليه وسلم) لسعد فقال :" اللهم اشف سعداً ، اللهم اشف سعداً ، ثلاث مرارٍ** "(مسلم:٤١٩١).

﴿الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ
يُنفِقُونَ ٣ وَٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡكَ وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبۡلِكَ وَبِٱلۡأٓخِرَةِ هُمۡ يُوقِنُونَ ٤ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَىٰ هُدٗى مِّن
رَّبِّهِمۡۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ٥﴾ البقرة: ١ – ٥

٥- سورەتی (البقرة) لە ئایەتی (١٦٢-١٦٤)،

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَمَاتُواْ وَهُمۡ كُفَّارٌ أُوْلَٰٓئِكَ عَلَيۡهِمۡ لَعۡنَةُ ٱللَّهِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلنَّاسِ أَجۡمَعِينَ
١٦١ خَٰلِدِينَ فِيهَا لَا يُخَفَّفُ عَنۡهُمُ ٱلۡعَذَابُ وَلَا هُمۡ يُنظَرُونَ ١٦٢ وَإِلَٰهُكُمۡ إِلَٰهٞ وَٰحِدٞۖ لَّآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ
ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ ١٦٣ إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ وَٱلۡفُلۡكِ
ٱلَّتِي تَجۡرِي فِي ٱلۡبَحۡرِ بِمَا يَنفَعُ ٱلنَّاسَ وَمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مِن مَّآءٖ فَأَحۡيَا بِهِ ٱلۡأَرۡضَ بَعۡدَ
مَوۡتِهَا وَبَثَّ فِيهَا مِن كُلِّ دَآبَّةٖ وَتَصۡرِيفِ ٱلرِّيَٰحِ وَٱلسَّحَابِ ٱلۡمُسَخَّرِ بَيۡنَ ٱلسَّمَآءِ وَٱلۡأَرۡضِ
لَأٓيَٰتٖ لِّقَوۡمٖ يَعۡقِلُونَ ١٦٤﴾ البقرة: ١٦١ - ١٦٤

٦- سورەتی (البقرة) لە ئایەتی (٢٥٥-٢٥٧)،

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ
مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ
عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ لَآ
إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ قَد تَّبَيَّنَ ٱلرُّشۡدُ مِنَ ٱلۡغَيِّۚ فَمَن يَكۡفُرۡ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤۡمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسۡتَمۡسَكَ
بِٱلۡعُرۡوَةِ ٱلۡوُثۡقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَاۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ٢٥٦ ٱللَّهُ وَلِيُّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ يُخۡرِجُهُم
مِّنَ ٱلظُّلُمَٰتِ إِلَى ٱلنُّورِۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَوۡلِيَآؤُهُمُ ٱلطَّٰغُوتُ يُخۡرِجُونَهُم مِّنَ ٱلنُّورِ إِلَى
ٱلظُّلُمَٰتِۗ أُوْلَٰٓئِكَ أَصۡحَٰبُ ٱلنَّارِۖ هُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ٢٥٧﴾ البقرة: ٢٥٥ - ٢٥٧

٧- سورەتی (البقرة) لە ئایەتی (٢٨٥-٢٨٦)،

بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا
وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ٢٨٥ لَا يُكَلِّفُ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِلَّا وُسۡعَهَاۚ لَهَا مَا كَسَبَتۡ وَعَلَيۡهَا
مَا ٱكۡتَسَبَتۡۗ رَبَّنَا لَا تُؤَاخِذۡنَآ إِن نَّسِينَآ أَوۡ أَخۡطَأۡنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تَحۡمِلۡ عَلَيۡنَآ إِصۡرٗا كَمَا
حَمَلۡتَهُۥ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِنَاۚ رَبَّنَا وَلَا تُحَمِّلۡنَا مَا لَا طَاقَةَ لَنَا بِهِۦۖ وَٱعۡفُ عَنَّا وَٱغۡفِرۡ
لَنَا وَٱرۡحَمۡنَآۚ أَنتَ مَوۡلَىٰنَا فَٱنصُرۡنَا عَلَى ٱلۡقَوۡمِ ٱلۡكَٰفِرِينَ ٢٨٦﴾ البقرة: ٢٨٥ - ٢٨٦

٨- سورەتی (آل عمران)لە ئایەتی (١-١٠)،

﴿الٓمٓ ١ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ٢ نَزَّلَ عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ مُصَدِّقٗا لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ وَأَنزَلَ
ٱلتَّوۡرَىٰةَ وَٱلۡإِنجِيلَ ٣ مِن قَبۡلُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَأَنزَلَ ٱلۡفُرۡقَانَۗ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ لَهُمۡ
عَذَابٞ شَدِيدٞۗ وَٱللَّهُ عَزِيزٞ ذُو ٱنتِقَامٍ ٤ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَخۡفَىٰ عَلَيۡهِ شَيۡءٞ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فِي ٱلسَّمَآءِ ٥
هُوَ ٱلَّذِي يُصَوِّرُكُمۡ فِي ٱلۡأَرۡحَامِ كَيۡفَ يَشَآءُۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ٦ هُوَ ٱلَّذِيٓ أَنزَلَ عَلَيۡكَ
ٱلۡكِتَٰبَ مِنۡهُ ءَايَٰتٞ مُّحۡكَمَٰتٌ هُنَّ أُمُّ ٱلۡكِتَٰبِ وَأُخَرُ مُتَشَٰبِهَٰتٞۖ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ فِي قُلُوبِهِمۡ زَيۡغٞ
فَيَتَّبِعُونَ مَا تَشَٰبَهَ مِنۡهُ ٱبۡتِغَآءَ ٱلۡفِتۡنَةِ وَٱبۡتِغَآءَ تَأۡوِيلِهِۦۖ وَمَا يَعۡلَمُ تَأۡوِيلَهُۥٓ إِلَّا ٱللَّهُۗ وَٱلرَّٰسِخُونَ فِي ٱلۡعِلۡمِ
يَقُولُونَ ءَامَنَّا بِهِۦ كُلّٞ مِّنۡ عِندِ رَبِّنَاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٧ رَبَّنَا لَا تُزِغۡ قُلُوبَنَا بَعۡدَ إِذۡ
هَدَيۡتَنَا وَهَبۡ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةًۚ إِنَّكَ أَنتَ ٱلۡوَهَّابُ ٨ رَبَّنَآ إِنَّكَ جَامِعُ ٱلنَّاسِ لِيَوۡمٖ لَّا رَيۡبَ فِيهِۚ إِنَّ
ٱللَّهَ لَا يُخۡلِفُ ٱلۡمِيعَادَ ٩ إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَن تُغۡنِيَ عَنۡهُمۡ أَمۡوَٰلُهُمۡ وَلَآ أَوۡلَٰدُهُم مِّنَ ٱللَّهِ
شَيۡـٔٗاۖ وَأُوْلَٰٓئِكَ هُمۡ وَقُودُ ٱلنَّارِ ١٠﴾ آل عمران: ١ - ١٠

٩- سورەتی (آل عمران)لە ئایەتی (١٨-١٩)

﴿شَهِدَ ٱللَّهُ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَأُوْلُواْ ٱلۡعِلۡمِ قَآئِمَۢا بِٱلۡقِسۡطِۚ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا
هُوَ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡحَكِيمُ ١٨ إِنَّ ٱلدِّينَ عِندَ ٱللَّهِ ٱلۡإِسۡلَٰمُۗ وَمَا ٱخۡتَلَفَ ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡكِتَٰبَ

إِلَّا مِنۢ بَعۡدِ مَا جَآءَهُمُ ٱلۡعِلۡمُ بَغۡيَۢا بَيۡنَهُمۡۗ وَمَن يَكۡفُرۡ بِـَٔايَٰتِ ٱللَّهِ فَإِنَّ ٱللَّهَ سَرِيعُ ٱلۡحِسَابِ ﴿١٩﴾ ﴾ آل عمران: ١٨ – ١٩

١٠- سورەتی (الاعراف)(٥٤-٥٦)،

﴿ إِنَّ رَبَّكُمُ ٱللَّهُ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٖ ثُمَّ ٱسۡتَوَىٰ عَلَى ٱلۡعَرۡشِۖ يُغۡشِي ٱلَّيۡلَ ٱلنَّهَارَ يَطۡلُبُهُۥ حَثِيثٗا وَٱلشَّمۡسَ وَٱلۡقَمَرَ وَٱلنُّجُومَ مُسَخَّرَٰتِۭ بِأَمۡرِهِۦٓۗ أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿٥٤﴾ ٱدۡعُواْ رَبَّكُمۡ تَضَرُّعٗا وَخُفۡيَةًۚ إِنَّهُۥ لَا يُحِبُّ ٱلۡمُعۡتَدِينَ ﴿٥٥﴾ وَلَا تُفۡسِدُواْ فِي ٱلۡأَرۡضِ بَعۡدَ إِصۡلَٰحِهَا وَٱدۡعُوهُ خَوۡفٗا وَطَمَعًاۚ إِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ﴿٥٦﴾ ﴾ الأعراف: ٥٤ - ٥٦

١١-سورەتی (المؤمنون)(١١٥-١١٨)،

﴿ أَفَحَسِبۡتُمۡ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ٱللَّهُ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلۡعَرۡشِ ٱلۡكَرِيمِ ﴿١١٦﴾ وَمَن يَدۡعُ مَعَ ٱللَّهِ إِلَٰهًا ءَاخَرَ لَا بُرۡهَٰنَ لَهُۥ بِهِۦ فَإِنَّمَا حِسَابُهُۥ عِندَ رَبِّهِۦٓۚ إِنَّهُۥ لَا يُفۡلِحُ ٱلۡكَٰفِرُونَ ﴿١١٧﴾ وَقُل رَّبِّ ٱغۡفِرۡ وَٱرۡحَمۡ وَأَنتَ خَيۡرُ ٱلرَّٰحِمِينَ ﴿١١٨﴾ ﴾
المؤمنون: ١١٥ - ١١٨

١٢-سورەتی (الصافات)(١-١٠)،

﴿ وَٱلصَّٰٓفَّٰتِ صَفّٗا ﴿١﴾ فَٱلزَّٰجِرَٰتِ زَجۡرٗا ﴿٢﴾ فَٱلتَّٰلِيَٰتِ ذِكۡرًا ﴿٣﴾ إِنَّ إِلَٰهَكُمۡ لَوَٰحِدٞ ﴿٤﴾ رَّبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا بَيۡنَهُمَا وَرَبُّ ٱلۡمَشَٰرِقِ ﴿٥﴾ إِنَّا زَيَّنَّا ٱلسَّمَآءَ ٱلدُّنۡيَا بِزِينَةٍ ٱلۡكَوَاكِبِ ﴿٦﴾ وَحِفۡظٗا مِّن كُلِّ شَيۡطَٰنٖ مَّارِدٖ ﴿٧﴾ لَّا يَسَّمَّعُونَ إِلَى ٱلۡمَلَإِ ٱلۡأَعۡلَىٰ وَيُقۡذَفُونَ مِن كُلِّ جَانِبٖ ﴿٨﴾ دُحُورٗاۖ وَلَهُمۡ عَذَابٞ وَاصِبٌ ﴿٩﴾ إِلَّا مَنۡ خَطِفَ ٱلۡخَطۡفَةَ فَأَتۡبَعَهُۥ شِهَابٞ ثَاقِبٞ ﴿١٠﴾ ﴾ الصافات: ١ - ١٠

١٣-سورەتی (الاحقاف)(٢٩-٣٢)،

﴿ وَإِذۡ صَرَفۡنَآ إِلَيۡكَ نَفَرٗا مِّنَ ٱلۡجِنِّ يَسۡتَمِعُونَ ٱلۡقُرۡءَانَ فَلَمَّا حَضَرُوهُ قَالُوٓاْ أَنصِتُواْۖ فَلَمَّا قُضِيَ وَلَّوۡاْ إِلَىٰ قَوۡمِهِم مُّنذِرِينَ ﴿٢٩﴾ قَالُواْ يَٰقَوۡمَنَآ إِنَّا سَمِعۡنَا كِتَٰبًا أُنزِلَ مِنۢ بَعۡدِ مُوسَىٰ مُصَدِّقٗا

لِّمَا بَيۡنَ يَدَيۡهِ يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلۡحَقِّ وَإِلَىٰ طَرِيقٖ مُّسۡتَقِيمٖ (٣٠) يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ
يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُجِرۡكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٖ (٣١) وَمَن لَّا يُجِبۡ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيۡسَ بِمُعۡجِزٖ فِي
ٱلۡأَرۡضِ وَلَيۡسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ (٣٢) ﴾ ۞ الأحقاف: ٢٩ - ٣٢

١٤-سورەتی (الرحمن)(٣٢-٣٦)،

۞﴿ فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٣٢) يَٰمَعۡشَرَ ٱلۡجِنِّ وَٱلۡإِنسِ إِنِ ٱسۡتَطَعۡتُمۡ أَن تَنفُذُواْ مِنۡ أَقۡطَارِ
ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ فَٱنفُذُواْۚ لَا تَنفُذُونَ إِلَّا بِسُلۡطَٰنٖ (٣٣) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٣٤) يُرۡسَلُ
عَلَيۡكُمَا شُوَاظٞ مِّن نَّارٖ وَنُحَاسٞ فَلَا تَنتَصِرَانِ (٣٥) فَبِأَيِّ ءَالَآءِ رَبِّكُمَا تُكَذِّبَانِ (٣٦) ﴾ ۞ الرحمن: ٣٢-٣٦

١٥-سورەتی (الحشر)(٢١-٢٤)،

۞﴿ لَوۡ أَنزَلۡنَا هَٰذَا ٱلۡقُرۡءَانَ عَلَىٰ جَبَلٖ لَّرَأَيۡتَهُۥ خَٰشِعٗا مُّتَصَدِّعٗا مِّنۡ خَشۡيَةِ ٱللَّهِۚ وَتِلۡكَ ٱلۡأَمۡثَٰلُ
نَضۡرِبُهَا لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ (٢١) هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَۖ عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ وَٱلشَّهَٰدَةِۖ
هُوَ ٱلرَّحۡمَٰنُ ٱلرَّحِيمُ (٢٢) هُوَ ٱللَّهُ ٱلَّذِي لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡمَلِكُ ٱلۡقُدُّوسُ ٱلسَّلَٰمُ ٱلۡمُؤۡمِنُ
ٱلۡمُهَيۡمِنُ ٱلۡعَزِيزُ ٱلۡجَبَّارُ ٱلۡمُتَكَبِّرُۚ سُبۡحَٰنَ ٱللَّهِ عَمَّا يُشۡرِكُونَ (٢٣) هُوَ ٱللَّهُ ٱلۡخَٰلِقُ
ٱلۡبَارِئُ ٱلۡمُصَوِّرُۖ لَهُ ٱلۡأَسۡمَآءُ ٱلۡحُسۡنَىٰۚ يُسَبِّحُ لَهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِۖ وَهُوَ ٱلۡعَزِيزُ
ٱلۡحَكِيمُ (٢٤) ﴾ ۞ الحشر: ٢١ - ٢٤

١٦-سورەتی (الجن) (١-٩)،

۞﴿ قُلۡ أُوحِيَ إِلَيَّ أَنَّهُ ٱسۡتَمَعَ نَفَرٞ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَقَالُوٓاْ إِنَّا سَمِعۡنَا قُرۡءَانًا عَجَبٗا (١) يَهۡدِيٓ إِلَى ٱلرُّشۡدِ فَـَٔامَنَّا بِهِۦۖ
وَلَن نُّشۡرِكَ بِرَبِّنَآ أَحَدٗا (٢) وَأَنَّهُۥ تَعَٰلَىٰ جَدُّ رَبِّنَا مَا ٱتَّخَذَ صَٰحِبَةٗ وَلَا وَلَدٗا (٣) وَأَنَّهُۥ كَانَ يَقُولُ
سَفِيهُنَا عَلَى ٱللَّهِ شَطَطٗا (٤) وَأَنَّا ظَنَنَّآ أَن لَّن تَقُولَ ٱلۡإِنسُ وَٱلۡجِنُّ عَلَى ٱللَّهِ كَذِبٗا (٥) وَأَنَّهُۥ كَانَ رِجَالٞ مِّنَ
ٱلۡإِنسِ يَعُوذُونَ بِرِجَالٖ مِّنَ ٱلۡجِنِّ فَزَادُوهُمۡ رَهَقٗا (٦) وَأَنَّهُمۡ ظَنُّواْ كَمَا ظَنَنتُمۡ أَن لَّن يَبۡعَثَ ٱللَّهُ أَحَدٗا (٧)

وَأَنَّا لَمَسْنَا ٱلسَّمَآءَ فَوَجَدْنَٰهَا مُلِئَتْ حَرَسًا شَدِيدًا وَشُهُبًا ﴿٨﴾ وَأَنَّا كُنَّا نَقْعُدُ مِنْهَا مَقَٰعِدَ
لِلسَّمْعِ فَمَن يَسْتَمِعِ ٱلْءَانَ يَجِدْ لَهُۥ شِهَابًا رَّصَدًا ﴿٩﴾ ﴾الجن: ١ – ٩

لە پاش ئەم ئایەتانە نەخۆشەکە زۆر جار هەست بەم شتانە دەکات:

١- هاوارکردنێکی زۆر .

٢- راچڵەکاندێکی یەکجار زۆر .

٣- سڕبوونی دەست و پێیەکانی یان هەر شوێنیکی تری .

٤- ئەبڵەق بوونی چاوەکانی .

٥- هەست کردنی نەخۆشەکە بە جوڵاندنی دەست و قاچەکانی بەبێ ویستی خوێ .

٦- هەندێك جار ئەو نەخۆشە دەرشێتەوە لە کاتی خۆیندنی ئەو ئایەتانە .

٧- بوراندنەوەو بێ ئاگابوون لە خوێ.

٨- دڵ لێدانێکی بەپەلە .

٩- بە پشتیوانی خوای گەورە لە پاش ئەم ئایەتانە ئەو جنۆکەیە دەردەچێت إن شاء الله.

ئەگەر قسەت کرد لە گەڵ جنۆکەکەدا پێویستە رەچاوی ئەم خاڵانە بکەیت:

١. قسەکردنێك لە سنوری خۆیدا بێت و قسەیەکی بێ سوودی لە گەڵدا نەکرێت(١) .

٢- فەرمانی پێ بکەیت کە تەقوای خوای گەورە بکات و بە خوای گەورەی بترسێنیت و چونە ناو لاشەی ئەو نەخۆشەوە زوڵم و ستەمە و پێویستە تەوبە بکات، هەروەها فەرمانی پێ بکەیت دەرچێت لە لاشەی نەخۆشکە وەکو

---

(١) ئەو جنۆکەیە لە سەر زمانی نەخۆشەکە دێتە قسەکردن.

پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) ئەیفـەرموو: ((أخرج عدو الله أنا رسول الله))[(١)]، هـەروەها بانگەوازیشی بکەیتبۆ ئاینی ئیسلام[(٢)].

---

(١) حديث يعلى بن مرة قال : "سافرت مع رسول الله صلى الله عليه وسلم فرأيت منه شيئا عجبا .. " و فيه : " و أتته امرأة فقالت : إن ابني هذا به لمم منذ سبع سنين , يأخذه كل يوم مرتين , فقال رسول الله صلى الله عليه وسلم : "أدنيه" , فأدنته منه , فتفل في فيه , و قال : اخرج عدو الله ! أنا رسول الله".". انتهى كلام الالباني من السلسلة الصحيحة الحديث رقم٢٩١٢.

(٢)أ- قال ابن قيم: -رحمة الله- في (زاد المعاد ٤/٦٨-٦٩)شاهدت شيخنا (يقصد ابن تيمية) يرسل المصروع من يخاطب الروح التي فيه ويقول: قال لك الشيخ: أخرجي فإن هذا لا يحل لك. فيفيق المصروع وربما خاطبها بنفسه وربما كانت الروح ماردة فيخرجها بالضرب . فيفيق المصروع ولا يحس بألم، وقد شاهدنا نحن وغيرنا منه ذلك مرارا، وكان كثيرا ما يقرأ في أذن المصروع: : ((**أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ**)) المؤمنون: ١١٥ ، وحدثني انه قرأها مرة في أذن المصروع فقالت الروح: نعم ومد بها صوته، قال: فأخذت له عصاً وضربته بها في عروق عنقه حتى كلت يداي من الضرب، ولم يشك الحاضرون أنه يموت لذلك الضرب ففي أثناء الضرب قالت: أنا أحبه. فقلت لها : هو لا يحبك. قالت: أنا أريد أن أحج به. فقالت لها هو لا يريد أن يحج معك.......الخ.

ب- قال الشيخ ابن باز رحمه الله:

الحمد لله ، والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وأصحابه ومن اهتدى بهداه . .

أما بعد . . فقد نشرت بعض الصحف المحلية وغيرها في شعبان من هذا العام أعني عام ١٤٠٧ هـ أحاديث مختصرة ومطولة عما حصل من إعلان بعض الجن – الذي تلبس ببعض المسلمات في الرياض – إسلامه عندي بعد أن أعلنه عند الأخ عبد الله بن مشرف العمري المقيم في الرياض ، بعدما قرأ المذكور على المصابة وخاطب الجني وذكره بالله ووعظه وأخبره أن الظلم حرام وكبيرة عظيمة ودعاه إلى الإسلام لما أخبره الجني أنه كافر بوذي ودعاه إلى الخروج منها ، فاقتنع الجني بالدعوة وأعلن إسلامه عند عبد الله المذكور ، ثم رغب عبد الله المذكور وأولياء المرأة أن يحضروا عندي بالمرأة حتى أسمع إعلان إسلام الجني فحضروا عندي فسألته عن أسباب دخوله فيها فأخبرني بالأسباب ونطق بلسان المرأة لكنه كلام رجل وليس كلام امرأة ، وهي في الكرسي الذي بجواري وأخوها وأختها وعبد الله بن مشرف المذكور وبعض المشايخ يشهدون ذلك ويسمعون كلام الجني ، وقد أعلن إسلامه صريحا وأخبر أنه هندي بوذي الديانة ، فنصحته وأوصيته بتقوى الله ، وأن يخرج من هذه المرأة ويبتعد عن ظلمها ، فأجابني إلى ذلك ، وقال : أنا مقتنع بالإسلام ، وأوصيته أن يدعو قومه للإسلام بعدما هداه الله له فوعد خيرا وغادر المرأة وكان آخر كلمة قالها : السلام عليكم .

ثم تكلمت المرأة بلسانها المعتاد وشعرت بسلامتها وراحتها من تعبه . ثم عادت إلي بعد شهر أو أكثر مع أخويها وخالها وأختها وأخبرتني أنها في خير وعافية وأنه لم يعد إليها والحمد لله ، وسألتها عما كانت تشعر به حين وجوده بها

سەرنج:

هەندێك كەس لە كاتی قسەكردندا زێدەڕەوی دەكەن و ئەو كارەش دروست نییە پێویستە لە سنووری شەرع دەرنەچیت. یان لە كاتی (رقية) كردندا زۆر بە توندی لە نەخۆشەكە دەدات یان ئامێری كارەبا بە كار دەهێنێت، ئەو كارانە هیچیان شەرعی نین، بەڵكو زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوەی كە ئەو نەخۆشە خراپتر دەبێت یان بە یەكجاری شێت دەبێت و عەقڵی لە دەست دەدات بۆیە پێویستە ئەو كەسەی كە نەخۆشی هەیە كەسێك چارەسەری بۆ ئەنجام دا بە لێدانێكی زیان بەخش نەبێت و ئەوە وریای نەخۆشەكەی بێت.

***ئەگەر جنۆكەكە لە پاش خوێندی ئەم ئایەتانە دەرنەچوو ئەوە ئەم سورەتانە بخوێنە:**

١- خوێندی هەموو سورەتی (البقرة) .

٢-خوێندی ئایەتی ٣٣-٣٤ لە سورەتی (المائدة):

﴿ إِنَّمَا جَزَٰٓؤُاْ ٱلَّذِينَ يُحَارِبُونَ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَيَسْعَوْنَ فِي ٱلْأَرْضِ فَسَادًا أَن يُقَتَّلُوٓاْ أَوْ يُصَلَّبُوٓاْ أَوْ تُقَطَّعَ أَيْدِيهِمْ وَأَرْجُلُهُم مِّنْ خِلَٰفٍ أَوْ يُنفَوْاْ مِنَ ٱلْأَرْضِ ذَٰلِكَ لَهُمْ خِزْيٌ فِي ٱلدُّنْيَا وَلَهُمْ فِي ٱلْآخِرَةِ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴿٣٣﴾ إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ مِن قَبْلِ أَن تَقْدِرُواْ عَلَيْهِمْ فَٱعْلَمُوٓاْ أَنَّ ٱللَّهَ غَفُورٌ رَّحِيمٌ ﴿٣٤﴾ ﴾ المائدة: ٣٣ - ٣٤

فأجابت بأنها كانت تشعر بأفكار رديئة مخالفة للشرع وتشعر بميول إلى الدين البوذي والاطلاع على الكتب المؤلفة فيه ، ثم بعدما سلمها الله منه زالت عنها هذه الأفكار ورجعت إلى حالها الأولى البعيدة من هذه الأفكار المنحرفة . (مسألة دخول الجني في بدن المصروع ص ٥-٦) .

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ لَوْ أَنَّ لَهُم مَّا فِي ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا وَمِثْلَهُۥ مَعَهُۥ لِيَفْتَدُواْ بِهِۦ مِنْ
عَذَابِ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ مَا تُقُبِّلَ مِنْهُمْ ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٣٦﴾ يُرِيدُونَ أَن يَخْرُجُواْ مِنَ ٱلنَّارِ وَمَا
هُم بِخَٰرِجِينَ مِنْهَا ۖ وَلَهُمْ عَذَابٌ مُّقِيمٌ ﴿٣٧﴾﴾ المائدة: ٣٦ – ٣٧ .

٣– خوێنـــدی هــــەموو ســـــورەتی (الأنفـال) , (الحجـر ١٦–١٨)

﴿وَلَقَدْ جَعَلْنَا فِي ٱلسَّمَآءِ بُرُوجًا وَزَيَّنَّٰهَا لِلنَّٰظِرِينَ ﴿١٦﴾ وَحَفِظْنَٰهَا مِن كُلِّ شَيْطَٰنٍ رَّجِيمٍ
﴿١٧﴾ إِلَّا مَنِ ٱسْتَرَقَ ٱلسَّمْعَ فَأَتْبَعَهُۥ شِهَابٌ مُّبِينٌ ﴿١٨﴾﴾ الحجر: ١٦ – ١٨

٤– (الدخان ٤٣–٥٠),

﴿إِنَّ شَجَرَتَ ٱلزَّقُّومِ ﴿٤٣﴾ طَعَامُ ٱلْأَثِيمِ ﴿٤٤﴾ كَٱلْمُهْلِ يَغْلِي فِي ٱلْبُطُونِ ﴿٤٥﴾ كَغَلْيِ
